کاساس لیستی یاریزانانی هەڵبژاردەی نیشتمانی ڕاگەیاند

خیسەس کاساس ڕاهێنەری هەڵبژاردەی نیشتمانی لیستێکی نوێی یاریزانانی بۆ دوو یاریی داهاتووی هەڵبژاردەکە لە پاڵاوتنەکانی مەندیال بۆاوکردنەوە کە تێیدا ئاکام هاشم بۆ ئۆو دوو یارییە دوورخرایەوە.

کاساس ڕاهێنەری ئیسپانی هەڵبژاردەی عێراق 27 یاریزانانی بۆ دوو یاریی داهاتوو بانگهێشتکردووە، یاریی چوون لە 21ـی ئەم مانگە لە یاریگەی نێودەوڵەتی بەسرە بەرامبەر فلیپین دەبەت، یاریی گەڕانەوەش بەرامبەر هەمان هەڵبژاردە لە شاری مانیلا لە فلیپین لە 26ـی ئەم مانگە بەڕێوە دەچێت.

کاساس بۆ ئەم دوو یارییە بانگهێشتی 5 یاریزانی کوردی کردووە کە پێکهاتوون لە (ڕەبین سۆلاقا، میرخاس دێسکی، ئوسامە ڕەشید، ئەحمەد یاسین و یوسف ئەمین.

خیسەس کاساس چەندان یاریزانێکی بەهێکاری جیاواز دوورخستووەتەوە، دیارترینیان ئاکام هاشمە بۆ هێکاری هونەر، ئەحمەد یەحیایش بەهۆی پێکانەوە، دانیەل سەعیدیش لەووی دەروونییەوە ئامادە نەبووە،

عەلی حەمادیش ئەستا پێویستە بە یانی ئیپسویچ تاونی ئینگلیزی هاوکات لەووی جەستیەو 100% ئامادە نەبوو.

هەبژاردەی عێراق رۆژی هەینی داهاتوو هوودەکاتە شاری بەسرە و دەست بە ئامادەکاری دەکات بۆ میواندارێکردنی هەبژاردەی فلیپین